دەنگەکانی وود گرین

لە گفتوگۆکەدا بەشدار بە

وود گرین ماڵی ئێوەیە، ئەو شوێنەی کە هاتوون لەوێ کات بەسەر ببەن،

دوکان، خواردن، بینینی هاوڕێیان، کارکردن یان بەڕێوەبردنی کاروبارەکەت.

وود گرین هەروەها دڵی ناوەندی بەڕێوەبردنی ناوچەکەیە.

چ شتێکی وود گرینت بەلاوە خۆشە؟ چ شتێک پێویستی بە برەوپێدانە؟

ئێمە هەمووومان لە کاتێکی سەختدا خەریکین ڕێچکەی خۆمان بدۆزینەوە. ڕووداوی سەختی کەشوهەوا بەهۆی گەرمبوونی گۆی زەوییەوە ئاستەنگی گەورەی دروست کردووە و پەتای سەرتاسەری جیهانیی کۆڤید شێوازی پەیوەستبوونی ئێمەی لەگەڵ ئاسانکارییە گشتییە خۆجێییەکان، شوێنەکان و خەڵکی ناوچەکەمان بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕی. ئێستاش قەیرانی تێچووی ژیان کاریگەری لەسەر شێوازی بەسەربردنی ژیانمان دادەنێت.

ئێمە دەمانەوێت لەوە دڵنیا ببینەوە کە هەر پرۆژە یان پلانێک بۆ برەوپێدانی وود گرین ڕەنگدانەوەی پێشترێتی (ئەولەویات) ی ئێوە بێت.

باسی وود گرینیمان بۆ بکە

وود گرین شوێنێکی دامەزراوە و هەندێک شت هەیە کە ئەنجومەنی شارەوانی ناتوانێت بیانگۆڕێت، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ ئێوە دەست بکەین بە گفتوگۆیەک سەبارەت بەو شتانەی کە دەتوانین بیناگۆڕین.

هەندێک لە ئێوە لەوانەیە پێشتر قسەتان لەگەڵ ئێمە کردبێت و بۆ ئەوانی دیکەش ئەمە گفتوگۆیەکی نوێ دەبێت. ئەمە دەسپێکێکی نوێیە، دەروازەیەکی نوێیە بۆ پلاندانان بۆ شوێنەکان لە وود گرین و بوارێکی ڕاستەقینەیە بۆ دانانی کاریگەری لەسەر ناوچەکەت.

ئێمە بۆ گوێڕاگرتن لە ئێوە لێرەین و دەمانەوێت بەشێوەیەکی جیاواز لەگەڵ ئێوە کار بکەین.

پەیوەندیمان پێوە بکە لە
(بەرانبەر بە لیدڵ) Rising Green Youth Hub, 2 Lymington Avenue, Wood Green, N22 6JA

دانیشتنی بەبێ دیدار

- دووشەممە 7 ی مانگی یازدە
  10 بەیانی - 1 دوانیوەڕۆ

- سێشەممە 8 ی مانگی یازدە
  2 دوانیوەڕۆ - 8 شەو

- شەممە 12 ی مانگی یازدە
  2 دوانیوەڕۆ - 4 دوانیوەڕۆ

وۆرکشۆپ

ناوی خۆت تۆمار بکە بۆ وۆرکشۆپێکی گشتی لە:

- دووشەممە 7 ی مانگی یازدە
  12pm - 2.30pm

خواردن و خواردنەوەی سووک فەراهەم دەکرێت. جێگە سنووردارە. RSVP بۆ
woodgreenregeneration@haringey.gov.uk

ڕوپێوی سەرهێڵ

لە ڕۆژی دووشەممە 7 ی مانگی یازدە بۆ یەکشەممە 20 ی مانگی یازدە تۆ دەتوانیت لەسەر ئینتەرنێت بیروڕای خۆت دەرببڕیت. سەردانی www.haringey.gov.uk/wgv بکە یان کۆدی وەڵامدانەوەی خێرا QR سکان بکە.

ئێوە دەنگەکانی وود گرینن هەر ئەمڕۆ لە گفتوگۆکەدا بەشدار بە.